# وەهاب ئاغای ڕەواندزی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کێبڕ

د. ئەحمەد حەمەدئەمین

# وەهاب ئاغای ڕەواندزی

## ١٩٠٩- ١٩٧٢

## توێژینەوەیەکی مێژووییە لە ژیان و ڕۆڵی سیاسی و نیشتمانی

هەواڵنامەی کتێب

هەولێر - ٢٠١٦

- ناوی کتێب: وەهاب ئاغای ڕەواندزی ١٩٠٩-١٩٧٢
- نووسینی: د. ئەحمەد حەمەدئەمین
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕەوان
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- چاپی یەکەم ٢٠١٦
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: هێڤی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٥١٤) ساڵی ٢٠١٦ دراوەتێ


هەموو مافێکی بۆ نووسەر پارێزراوە

# ناوەڕۆک

پێشەکی: .................................................. ٧
بەشی یەکەم: سەرەتایەک دەربارەی ناو و نازناو و ژیانی.... ١١
تەوەری یەکەم: ڕەچەڵەک و بنەماڵەی وەهاب ئاغا............ ١٣
تەوەری دووەم: وەهاب ئاغا و شوێنگەی پەروەردەکردنی .... ١٧
پەراوێزەکانی بەشی یەکەم ................................... ٢١
بەشی دووەم: وەهاب ئاغا و چالاکییە سیاسی و ........... ٢٩
تەوەری یەکەم: ڕۆڵی وەهاب ئاغا لە کۆمەڵە و ............... ٣١
تەوەری دووەم: ڕۆڵی وەهاب ئاغا لە بەندیخانە و ............. ٤١
پەراوێزەکانی بەشی دووەم .................................... ٥١
ئەنجام ......................................................... ٦٧
لیستی سەرچاوەکان ........................................... ٦٩
پاشکۆکان .................................................... ٧٧
ملخص البحث باللغة العربية ................................. ٩٠
کورتەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی (Abstract)............... A

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە هەوڵ و ماندووبوونی زۆرێک لە تێکۆشەران و نیشتمانپەروەران ئەنجامدراوە، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا تێکۆشانی هەندێکیان لە لاپەڕەکانی مێژووی خەباتدا باسی لێوە نەکراوە. یاخود مافی خۆی نەدراوەتێ. لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت خەبات و تێکۆشانی وەهاب ئاغای ڕەواندزی دەچێتە چوارچێوەی ئەوانەی کە شتێک لە بارەیانەوە نووسراوە، کەچی مافی تەواوی پێ نەدراوە و لە باسێکی ئەکادیمی وادا لێی نەکۆڵدراوەتەوە و پەردە لەسەر لایەنە شاراوەکانی هەڵنەدراوەتەوە. ئێمەش بە ئامانجی دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی ژیانی و ڕاستکردنەوەی هەندێک زانیاری نێو سەرچاوەکان دەربارەی کەسێتی و کار و چالاکییەکانی ئەو ئەرکەمان گرتۆتە ئەستۆ.

بێ گۆمان بە ئەستۆ گرتنی کارێکی وا زۆرێک ئاستەنگ دێنێتە پێشەوە، وەکو پەرت و بڵاوی زانیاری نێو سەرچاوەکان و کەم باسکردنیان، کە هیلاکی و گەڕان و کاتێکی زۆری پێویستە. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە. بەشێکی توێژینەوەکە کاری مەیدانی گەرەکە، ئەوەش هەروا ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی هەندێک لە کەسایەتییەکانی نزیک بە ناوبراو نەماون، یاخود ماون و زانیاری باش نادەن. یان لەبەر خەریک بوونیان بە کاری گەورەی حزبی و حکومی بەردەست کەوتنیان زەحمەتە، بەڵام هیچ یەک

لەو ئاستەنگانە باسمان کردن نەبوونە هۆکاری بە ئەنجام نەگەیاندن و نەهێنانە بەرهەمی ئەو توێژینەوەیە، کە لە پێشەکییەک و دوو بەش و ئەنجامێک پێکدێت.

بەشی یەکەم کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم تەرخان کراوە بۆ باسکردنی مێژووی بنەماڵەی وەهاب ئاغا و ساغکرنەوەی مێژووی لە دایکبوونی و ئاستی خوێندەواری ناوبراو. لە تەوەری دووەمدا ئاماژە بۆ کاریگەری ئەو ژینگەیە کراوە، کە نەخشی لە ژیانی وەهاب ئاغا کێشاوە و فاکتەرێک بووە بۆ هاندان و پێگەیاندی.

بەشی دووەم دوو تەوەر دەگرێتە خۆی. لە تەوەری یەکەمدا سەرەتای کاری رێکخراوەیی وەهاب ئاغا لە کۆمەڵەی یاریدەدەران و حزبی هیوا باسکراوە، لەگەڵ هاوکاری و هەماهەنگی بۆ مەلا مستەفای بارزانی لە دوای گەڕانەوەی لە ساڵی١٩٤٣دا بۆ ناوچەی بارزان و ئەنجامدانی شۆڕشەکەی، هەروەها هەر لەو تەوەرەیە ئاماژە بە کار و چالاکییەکانی وەهاب ئاغا لە کۆماری کوردستانیش دەکرێت. لە تەوەری دووەمدا ئاماژە بە کار و چالاکییەکانی وەهاب ئاغا لە کاتی بەندییتی کراوە لەگەڵ ماوەی دوای ئازاد بوونی. ئینجا پەنجە خراوەتەوە سەر کار و چالاکییەکانی لە کاتی شۆڕشی ئەیلوولدا.

بۆ بەرهەم هێنانی ئەو توێژینەوە پشت بە ژمارەیەک سەرچاوە بەستراوە، وەکو ئەنجامدانی دیمانەی تایبەت لەگەڵ دۆست و نزیکەکانی وەهاب ئاغا، کە زۆرێک لە وان هاوشان

لەگەڵیدا بووینە و ئاگاداری کارەکانین. ئەوە سەرەڕای ژمارەیەک سەرچاوە، کە لە ڕیزبەندی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

دیارە ئەو توێژینەوەیە لە کەموکورتی بە دوور نییە، ڕەخنە و تێبینیان لە خۆیدا دەگرێت، بۆیە دەخوازین بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیر بکرێت، بۆ ئەوەی لە کەموکورتییەکان ئاگادار بکرێینەوە. خوای گەورە پشت و پەنای هەموو لایەکمان بێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کیژ

# بەشی یەکەم

## سەرەتایەک دەربارەی ناو و نازناو و ژیانی

## وەهاب ئاغای ڕەواندزی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کێژ

# تەوەری یەکەم: ڕەچەڵەک و بنەماڵەی وەهاب ئاغا

وەهـاب ئاغـای ڕەوانـدزی نـاوی تـەواوی عەبدولوەهاب کـوڕی محەمـەد عـەلی ئاغـا کـوڕی برایم ئاغـا کـوڕی عەبدوڵڵا ئاغایـە[١]، ڕەچەڵەکیان بۆ ناوچەی ئاکۆیانی سەر بە ڕەواندز دەگەڕێتەوە[٢]، دایکـی نـاوی عائیشـه خانـه و خوشـکی میـر محەمەدئـەمینی دەرگەڵەیە و ژنی دووەمی محەمەد عەلی ئاغایە[٣]، ناوبراو بە وەهاب ئاغای ڕەواندزی یا کاک وەهاب ناوی دەرکردووە[٤].

وەهـاب ئاغـا سـاڵی ١٩٠٩ لـه گـەڕەکی کاولۆکـان لـه ڕەوانـدز لە دایکبووە. جێگای ئاماژە بۆ کردنە سەبارەت بە مێژووی لە دایکبـوونی وەهـاب ئاغـا تـاوەکو ئێسـتاکە لـە سـەرچاوەکاندا بیـروڕای جیـاواز بـەدی دەکرێت، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەوەی نووسـراوێکی فـەرمی لەبـەر دەسـتدا نییـە، تـاوەکو مێـژووی لـە دایکبوونی بسەلمێنێت.

سـەرچاوەیەک ئامـاژە بۆ سـاڵی ١٩٠٤دەکـات[٥]، سـەرچاوەش هەیە سـاڵی ١٩٠٩ ی پێ ڕاسـترە[٦]، بـەڵام سـەرچاوەیەکی دیکـە سـاڵی١٩١٢ بـە سـاڵی لـە دایکبوونی دەداتـە قەڵـەم[٧]، کـەچی لـە لایەکی دیکە ئاماژە بۆ ساڵی ١٩٢٧ دەکرێت[٨]. بۆ ساغکردنەوەی ئەو بابـەت لـە دیمانەیـەکدا هـەڵگوردی کـوڕی سـاڵی ١٩٠٩ی بە پەسـندتر زانـی، بـە بەڵگـەی ئـەوەی زۆر جـار وەهـاب ئاغـا لـە دانیشتنەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ساڵی گرانی باش بەبیر هاتووە، لەم بارەشەوە هەڵگورد ئاماژەی بۆ ئەوەی کرد: " **ئەگەر**

**ساڵی ١٩٠٩ لە دایکبوو بێت، کەواتە ساڵی ١٩١٧ کە ساڵی گرانییە تەمەنی وەهاب ئاغا هەشت ساڵان بووە، خۆ ئەگەر ساڵی ١٩١٢ لە دایکبوو بێت ئەوە ئەو کات تەمەنی پێنج ساڵان بووە، بۆیە ئەستەمە تەمەنی پێنج ساڵی هەموو باسەکانی وا لەبیر مابێت، بۆیە ساڵی ١٩٠٩ پەسندترە**". بۆ پشت ئەستورکردنی ڕاکەی هەڵگوردی کوڕی سەربوردەیەک، لە ژیانی محەمەد عەلی ئاغا دەبێتە پاڵپشت بۆ ڕاستکردنەوەی مێژووی لە دایکبوونی وەهاب ئاغا. ئەویش بەندکردنی محەمەد عەلی ئاغایە لە شەوی یەکەمی زاوایەتی لەگەڵ کۆمەڵێک پیاوی ناوچەی ڕەواندز، بە تۆمەتی کوشتنی پیاوێکی دەسەڵاتداری عوسمانی، کە لە سەرچاوەکاندا سەربوردەی ئەو تۆمەتبازی و بەندکردنە بۆ ساڵی ١٩٠٤ دەبردرێتەوە، ماوەی بەندکرنەکەشیان بە دوو ساڵ لە قەڵەم دراوە( نەک وەکو ئەوەی عارف حەسەن خەیلانی و هەڵگوردی کوڕی ماوەی بەندکرنەکەیان بە حەوت ساڵ خەملاند)[٩]، ئیتر ئەگەر محەمەد عەلی ئاغا ساڵی ١٩٠٤ بەند کرابێت و ساڵی ١٩٠٦ ئازاد بووبێت، ئەوە ساڵی ١٩٠٩ بۆ ساڵی لە دایکبوونی وەهاب ئاغا لە ڕاستی نزیکترە، بە بەڵگەی ئەوەی دووەمین منداڵی باوکییەتی.

وەهاب ئاغا خوێندنی سەرەتایی لە ڕەواندز تەواوکردووە، دواتریش بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن لە سەرەتای ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕووی کردۆتە شاری هەولێر، کەچی لەبەر خراپی بارودۆخی ئەوکاتە و تێکەڵاوبوونی بە

کاروباری سیاسیی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات[١٠]، بەڵام ئەمە نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی پەرە بەلایەنی خوێندەواری خۆی نەدات، ئەگەر بزانیین زۆر حەزی لە خوێندنەوە کردووە و لەماڵەوە خاوەنی کتێبخانەیەکی خنجیلانە بووە و شارەزایی لە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، تورکی عوسمانی و ئینگلیزیدا هەبووە[١١].

وەهاب ئاغا بە بەڕێکردنی تەمەنی لاویەتی و گەیشتنی بە تەمەنێک، کە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری پێیدەوترێت قەیرەیی، ئینجا ژیانی هاوسەرگیری لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم پێکهێناوە، ژنی یەکەمی بە ناوی حەبیبەخان کچی میر محەمەدی دەرگەڵە بووە، دواتریش ژنێکی دیکەی بە ناوی زولێخاخان هێناوە، بەڵام کاتێک دوای نسکۆهێنانی شۆڕشی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) [١٢]و ئاوارەبوونی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشداری کردنی لە کۆماری کوردستان، لەوێشدا ژنێکی دیکە بە ناوی دووڕییەخان هێناوە، کە بە ڕەچەڵەک لە کوردەکانی باکووری کوردستان بووە[١٣].

پێکهاتەی خێزانی وەهاب ئاغا، جگە لەوەی کە لە ژنی یەکەمی دوو منداڵی دەبێت و هەر بە منداڵی کۆچی دوایی دەکەن، لە دوو ژنەکەی دیکەش شەش کوڕ و چوار کچی دەبێت، بە ناوەکانی (گەلاوێژ، هیوا، لاجان، موکریان، ئازاد، پشتیوان، بێریوان، فەیلی، هەڵگورد، ئاری).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە وەهاب ئاغا کاریگەری بە سەر نەوەی دوای خۆی نەخشاندووە و هەمیشە بە تەنگ ئەوەوە بووە بە بیرێکی کوردانە پەروەردەیان بکات، بەڵام بەردەوامبوونی ململانێی کردن لەگەڵ ژیان و تووشبوونی بە نەخۆشی دڵ لە ٦ی شوباتی ١٩٧٢ لە ڕۆژێکی بەفراوی و سەرما و سۆڵی زستان کۆچی دوایی کردووە و لە دێی ئۆمەراوەی سەر بە ناوچەی باڵەکایەتی بە خاک سپێردراوە[١٤].

هەوڵنامەی کتێب

## تەوەری دووەم: وەهاب ئاغا و شوێنگەی پەروەردەکردنی

وەهاب ئاغا سەرەتای منداڵییەتی پەروەردەی ناو ماڵێک بووە، کە بریتی بووە لە ماڵی پیاوێکی ئاغا و خوا پێدراو، بۆیە کاریگەری دیوەخان و هاتنی جۆرەها میوان کاری کردۆتە سەر چۆنییەتی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتکردنی، چونکە شوێنی ڕەواندز بە گشتی و جوندیان بە تایبەتی وەکو ناوچەیەکی هاوینەهەوار هەمیشە شوێنی حەسانەوەی گەورە پیاوانی حکومەتی عیراقی و ئینگلیزەکان بووە، بەتایبەت دیوەخانەکەی محەمەد عەلی ئاغا[١٥]. لێرەشدا تێکەڵاوبوونی ئەو جۆرە دانیشتنانە و بینینی ئەو جۆرە کەسایەتییانە بە هەر شێوەیەک بێت کاریگەری خۆی کردووە لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی بیرکردنەوەیدا. ئیتر هەر ئەمەش دواتر بە تەواوەتی لە ژیانی وەهاب ئاغا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە هەوڵیدەدات لەم شێوازەدا وەک باوکی هەڵسوکەوت بکات. لەو بارەیەوە یەکێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکاتو دەڵێت:"**وەهاب ئاغا لەسەر قۆناغی باوکی خۆی دیوەخانێکی گەورەی هەبوو کە بۆ خزمەتی ڕێبوارەکان و بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی ... هەموو کۆبوونەوەیەکی حزبی تێدا ئەنجام دەدرا، تەرخان کردبوو...**" [١٦]. ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە وەهاب ئاغا ئەگەرچی کاریگەری باوکی بەسەردا هەبووە، بەڵام ئەوە نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم جۆری بیرکردنەوەی لە بواری پێشکەوتندا، ئەگەر بزانیین لە بیروڕای گرنگیدان بە ئنیگلیز لەگەڵ

باوکی ناکۆک بووەو بەستنی پەیوەندی پتەوی بە ئنیگلیزەکان وەکو باوکی بەباش نەزانیوە، ئەو جۆرە بیرکردنەوانەش وای کردووە بەردەوام ڕەخنە بگرێت، بە تایبەت کاتێک بەشداری لە شانۆگەری (دڵداریو پەیمانپەروەری)کرد و لە ڕۆڵی ئافرەتێکدا ڕەخنە ئاراستەی دەسەتدارانی حکومەت بە گشتی و شارەوانی ڕەزاندز بە تایبەتی کرد، کە ئەو کاتە باوکی بەڕێوەبەری شارەوانی ڕەواندز بوو[١٧].

شایەنی باسە، ڕەواندزی پایتەختی میرنشینی سۆران و زێدی لە دایکبوونی وەهاب ئاغا وەکو ناوچەیەکی گرنگ و خاوەن مێژوو، کاریگەری بەسەر زۆرێک لاوی هاوتەمەنی وەهاب ئاغا نەخشاندووە، چونکە ئەگەر تەماشا بکەین ڕووداوەکانی سەردەمی میر محەمەدی پاشای ڕەواندز(١٨١٣-١٨٣٦) ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕنەبووە، نەوەی ئەو سەردەمە هەندێکیان لە ژیان ماون و ڕۆژانە باس و خواستی پێشکەوتنی ئەو سەردەمەیان بە گوێی نەوەی نوێدا چرپاندووە، تا پێوەی کاریگەر بن[١٨]. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە وەهاب ئاغا لە کات و ساتێکدا لە دایکبووە، جیهان لە سەروبەندی گەلێک گۆڕانکاری مەزندا بووە. لێرەشدا کوردستان بە گشتی و ڕەواندزی زێدی وەهاب ئاغا بە تایبەتی بەشی ئەو گۆڕانکارییەیان بەر کەوتووە، بەتایبەت دوای هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) و هاتنی سوپای ڕووسەکان بۆ ڕەواندز و کاولکاردنی شارەکە لەسەر دەستی ئەوان[١٩]. دوای ئەوەش کە جارێکی دیکە

سوپای عوسمانییەکان دەگەڕێنەوە ناوچەکە و تۆڵەی شکست خواردووی خۆیان لە خەڵکی ناوچەکە دەکەنەوە، باری ئابووری ناوچەکە بەرەو خراپی دەبەن و جۆرێک لە گرانی دێتە کایەوە، کە ئەمەش خاڵێکی دیکەی کاریگەر بووە، هەر بۆیە وەهاب ئاغا لە کۆڕ و دانیشتنەکانیدا هەمیشە وەکو دیرۆک زانێک و شایەدحالێک باسی باری ئەو سەردەمەی کردووە و ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە ساڵانی گرانی چاک لە بیردا ماوە[٢٠].

لە ڕاستیدا، کاتێکیش جەنگ کۆتایی دێت و عوسمانییەکان لە ناوچەکەدا نامێنن و ئینگلیزەکان دێن، ماوەیەکی زۆر بەسەردا ناچێت ڕەواندز دەبێتە شوێنی ململانێی نێوان تورکەکان و ئینگلیزەکان. تورکەکان ئەوە بۆ خۆیان دەقۆزنەوە و لە ڕێگای ناردنی هێزێک بۆ ڕەواندز پروپاگەندی گەڕانەوەی ویلایەتی مووسڵ بۆ ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان دەکەن[٢١].

دەرکردنی تورکەکان لەسەر دەستی ئینگلیزەکان لە ناوچەکە و دووبارە ڕێکخستنەوەی باری کارگێڕی و دامەزراندنی سەید تەهای نەهری (١٩٢٣- ١٩٢٩) بە قائیمقامی ڕەواندز[٢٢]، خاڵێکی دیکەی کاریگەرە بەسەر پێشکەوتنی هزری لاوانی ناوچەکە، کاتێک هەوڵی ئەوە دراوە خوێندنگا بکرێتەوە و لاوانی ناوچەکە بخرێنە بەر خوێندنەوە. وەهاب ئاغاش سوود لەو هەلومەرجە وەردەگرێت و دەچێتە بەر خوێندن، ئەو چوونە بەر خوێندنەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ تێکەڵاوبوونی بە بیری نەتەوەیی و نیشتمانی. ئەگەر بزانین یەکێک لە مامۆستاکان لە ڕەواندز

حوسێن حوزنی موکریانی(١٨٩٠- ١٩٤٧) بووە، کە ئەوکاتە ئەرکی لە چاپدانی گۆڤاری زاری کرمانجی[٢٣] لە ئەستۆ دابووە[٢٤]. بۆیە دەتوانرێ بوترێت، هەموو ئەو ڕووداوانەی باسمان کردن کاریگەرییان کردۆتە سەر جۆری بیرکردنەوەی وەهاب ئاغا و هانی داوە بچێتە کۆڕی کار و چالاکی سیاسی و خەباتی نیشتمانی کە لە بەشی داهاتوو باسی لێوە دەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

(١) عەبدوڵڵا ئاغا کە بە عەوڵا چاوەش ناسراوە، سەرلەشکری میر محەمەد پاشای میری سۆران (١٨١٣-١٨٣٦) بووە، ڕۆڵی کاریگەری لە شەڕەکان بینیوە و جێگای خۆشەویستی پاشا بووە، بەڵام دواتر لە دوای نەمانی پاشای گەورە، لەسەر دەستی ئەحمەد بەگی کوڕی مستەفا بەگ کوژراوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چالاکییەکانی، بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، کۆکردنەوە و لە چاپدانی دەزگای ئاراس، بەسەرپەرشتی: د.کوردستان موکریانی، بەرگی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٣٥ بەدواوە.

(٢) دیمانەیەک لەگەڵ عارف حەسەن خەیلانی، هەولێر، بە مێژووی ٢ی شوباتی ٢٠٠٨.(عارف حەسەن خەیلانی ساڵی ١٩٣٥ لە ڕەواندز لە دایکبووە و خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە، ئێستاکەش خانەنشینە و لە سلێمانی نیشتەجێیە. ناوبراو خوارزای وەهاب ئاغایە)؛ دیمانەیەک لەگەڵ هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی، هەولێر، بە مێژووی ٢ی شوباتی ٢٠٠٨. (هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی ساڵی ١٩٦٦ لە ڕەواندز لە دایکبووە، دەرچووی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی بەغدایە، ئێستاکەش بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندنە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری

حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان. نــاوبراو کــوڕی وەهــاب ئاغایە و لە هەولێر نیشتەجێیە).

(٣) محەمەد عـەلی ئاغا لـە ماوەی ژیانیدا نۆ ژنـی هێناوە، بـەڵام تەنیا لە چواریان فاتیمە خان، عائیشـە خان، زولێخا خان و ئامینـەخان منداڵی بـووە، تێکـڕای منداڵـەکانی پێکهاتوون لـە هەشـت کـوڕو شــەش کـچ بـە ناوەکـانی(خـاتوون، وەهـاب، ئەحمەد، سەعید، ڕەشـید، هـەمین، حـەبیب، سلێمان، وەسمان، دلاوەر، پاکیزە، شاسوار، تـەورازو مریم). دیمانەیـەک لەگـەڵ عـارف حەسـەن خـەیلانی، هـەولێر، بـە مێژووی ٢ی شـوباتی ٢٠٠٨ ؛ دیمانەیـەک لەگـەڵ هـەڵگورد عەبـدولوەهاب محەمـەد عەلی، هەولێر، بە مێژووی ٢ی شوباتی ٢٠٠٨.

(٤) فرنسـو الحريـري، فـی ذکـری مـرور سـتة أشـهر علـى وفـاة المرحوم عبدالوهاب محمد علي اغـا- جنديان، جريدة التـأخي، العدد(١١٠٩)، ١٢ أب ١٩٧٢، ص٣؛ ئازاد جوندیانی، لـە یادی ٣٦ ساڵەی کۆچی دوایی باوکماندا ئەو کەسەی بۆ کوردایەتی لە دایک بوو و هـەر لـەو ڕێیەشدا سـەری نایەوە، ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، ژمـارە (٤٤٨٩) و (٤٤٩٠)، ٦ و ٢٠٠٨/٢/٧، ل ١٠.

(٥) کامەران ئەحمەد دیاب، وەهاب ئاغای رواندزی، ئـەو مرۆڤـەی لە وەڵامی ئەدمۆندزدا گوتی: بـە هەشـتێک بـارزانی تێدا نـەبێ نارۆمــە نــاوی، ڕۆژنامــەی زاری کرمــانجی، ژمــارە(٢٣)، ٢٠٠٥/١١/٢١، ل ٦.

(٦) دیمانەیەک لەگەڵ هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی، هەولێر، بە مێژووی ٢ی شوباتی ٢٠٠٨.

(٧) فرسو الحريري، المصدر السابق، ص ١٣.

(٨) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، پاشکۆی یاداشتەکانم لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٤٥.

(٩) حوسێن حوزنی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل ٧٦؛ دیمانەیەک لەگەڵ عارف حەسەن خەیلانی، هەولێر، بە مێژووی ٢ی شوباتی ٢٠٠٨؛ دیمانەیەک لەگەڵ هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی، هەولێر، بە مێژووی ٢ی شوباتی ٢٠٠٨.

(١٠) دیمانەیەک لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغا، هەولێر، بە مێژووی ١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٥.( ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغا ساڵی ١٩٢٢ لە ڕەواندز لە دای بووە و بە ئەحمەد دیاب ناسراوە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە ڕەواندز تەواو کردووە، دواتریش بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی هاتۆتە هەولێر و چالاکی زۆری نواندووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بووە لە خەباتکردن لە ڕیزی پارتی هیوا و دواتریش شۆڕشی ئەیلوولدا. ناوبراو ئێستاکە لە ژیان ماوە و لە هەولێر لە گەڕەکی برایەتی نیشتەجێیە).

(١١) دیمانەیەک لەگەڵ هیوا عەبدولوەهاب محەمەد عەلی، سلێمانی، بە مێژووی ٩ی شوباتی ٢٠٠٧.( هیوا عەبدولوەهاب

هەواڵنامەی کتێب

محەمەد عەلی ساڵی ١٩٤٣ لە ڕەواندز لە دایکبووە، لەبەر باری تایبەتی نەیتوانیوە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو بکات. ناوبراو کچی وەهاب ئاغایە و لەبەر خۆشەویستی بۆ حزبی هیوا، باوکی ناوی هیوای لێناوە. ئێستاکە لە ژیان ماوەو لە سلێمانی نیشتەجێیە)؛ دیمانەیەک لەگەڵ عەبدولڕەحمان وەرتی، هەولێر، بە مێژووی ٣ی مارتی ٢٠٠٨. (عەبدولڕەحمان ڕەسول سۆفی ناسراو بە عەبدولڕەحمان وەرتی ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی وەرتی لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە ڕەواندز تەواو کردووە، دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانە. ناوبراو کاریگەری وەهاب ئاغای زۆر بەسەرەوەیە و یەکێکە بووە لەو منداڵانەی کە وەهاب ئاغا هاندەرو پاڵپشتی بووە تا خوێندنی تەواوکردووە. ئێستاکە لە ژیان ماوەو لە هەولێر نیشتەجێیە).

(١٢) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سەرهەڵدانی شۆڕشی(١٩٤٣-١٩٤٥) بارزان و هۆکاری نسکۆ هێنانی بڕوانە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، وەرگێرانی: سەعید ناکام، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆک، ١٩٩٨، ل ٨١ بەدواوە..

(١٣) دیمانەیەک لەگەڵ هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی، هەولێر، بە مێژووی ٢ی شوباتی ٢٠٠٨.

(١٤) ئازاد جوندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠. عەبدوڵڵا پشدەری کە یەکێک بووە لە هاوڕێکانی وەهاب ئاغا لە

پاشکۆی بیرەوەرییەکانی ئاماژەی بۆ ئەوەی کردووە، وەهاب ئاغا ساڵی١٩٦٧ کۆچی دوای کردووە. بەمەش دەتوانرێت بووترێت پشدەری کەوتۆتە هەڵەوە ئەگەر بزانیین ڕاستییەکەی ساڵی ١٩٧٢ە، بەڵام ڕەنگە ئەو هەڵەیە بەهۆی ئەوەوە بووبێت ناوبراو دوای ماوەیەک یاداشتەکانی نووسیوە و ساڵەکەی لە بیر کردووە، یاخود ساڵەکەی کە نووسراوە هەڵەی چاپە. عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

(١٥) دیمانەیەک لەگەڵ هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی، هەولێر، بە مێژووی ٢ی شوباتی ٢٠٠٨.

(١٦) کامەران ئەحمەد دیاب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦.

(١٧) زینەل خەیری، لە ئەرشیفی شانۆی سۆران شانۆگەری (دڵدارو پەیمانپەروەری) ڕواندوز١٩٤٣، ڕۆژنامەی زاری کرمانجی، ٢٠٠٥/١٠/٣١، ل ٩؛ دیمانەیەک لەگەڵ هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی، هەولێر، بە مێژووی ٢ی شوباتی ٢٠٠٨.

(١٨) دیمانەیەک لەگەڵ عارف حەسەن خەیلانی، هەولێر، بە مێژووی ٢ی شوباتی ٢٠٠٨.

(١٩) بۆ زانیاری دەربارەی هێرشی ڕووسەکان و کارو کردەوەکانیان لە ناوچەکە، بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ڕەواندز، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، سەنتەری

مەکتەبەی کوردی

لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ل ٣٠-٣٢.

(٢٠) دیمانەیەک لەگەڵ عارف حەسەن خەیلانی، هەولێر، بە مێژووی ٢ی شوباتی ٢٠٠٨؛ دیمانەیەک لەگەڵ هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد عەلی، هەولێر، بە مێژووی ٢ی شوباتی ٢٠٠٨.

(٢١) سەرەتای گەڕانەوەی تورکەکان لەسەر داواکاری خەڵکی ناوچەکە بوو، بەڵام دواتر تورکەکان بارەکەیان قۆزتەوەی بۆ پروپاگەندەی گێڕانەوەی ویلایەتی مووسڵ بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆیان. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧ بە دواوە.

(٢٢) سەبارەت بە بارودۆخی ڕەواندز لە ماوەی قائیمقامییەتی سەید تەهای نەهری بڕوانە: ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر، هەمان سەرچاوە، ل ل٨٥-٩٥.

(٢٣) گۆڤاری زاری کرمانجی یەکەمین ژمارەی لە ٢٥ی مایسی ١٩٢٦ لە ڕەواندز بە چاپ گەیەندراو، ڕۆڵی کاریگەری گێڕا لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی ناوچەکە، بەڵام زۆری نەخایەند بە فەرمانێکی فەرمی دوای دەرچوونی ٢٤ ژمارە لە ٢٣ی تەمووزی ١٩٣٢ وەستێنرا. بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەو گۆڤارە بڕوانە: زار کرمانجی ١٩٢٦/٥/٢٥-١٩٣٢/٧/٢٣ یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری ڕواندز، ئامادەکردن و

پێشەکی: د.کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١.

(٢٤) جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین حوسێن حوزنی موکریانی کاریگەری زۆری بەسەر لاوانی ناوچەی ڕەواندز هەبووە و هەوڵیداوە بە بیری کوردانە پەروەردەیان بکات. بۆیە دەتوانرێت بوترێت هەر لە ژێر ئەو کاریگەرییە بووە، وەهاب ئاغا لە کاتی بەندکردنی حوسێن حوزنی ئەو پەری هاوکاری پێشکەش کردووە. ئەوەتا حوزنی لە یاداشتەکانیدا لە بارەی ئەو هاوکارییە دەڵێت:"...**مەجبووریان کردم عەبدولوەهاب ئاغای کوڕی حاجی محەمەد عەلی ئاغم کردە کەفیلی سەد دینارو تەنەدم پێدان...**". حوسێن حوزنی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل ٤٥.

هەولێرنامەی کتێب

هەوڵنامەی کیتێب

# بەشی دووەم

# وەهاب ئاغا و چالاکییە سیاسی و نیشتمانییەکانی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵی وەهاب ئاغا لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان و شۆڕشی بارزان(١٩٤٣-١٩٤٥) و کۆماری کوردستان

کاریگەری ڕەوشی خراپی کوردستان بە گشتی و تێکەڵاوبوونی وەهاب ئاغا لە ڕێگای خوێندن بە گەنجانی هەولێر بە تایبەتی، دەبێتە سەرەتای کاری ڕێکخراوەیی و بەشداری چالاکی سیاسی و نیشتمانی وەهاب ئاغا کاتێک لەگەڵ خوێندکارانی هاوپۆلی هەڵدەستن بە دامەزراندنی کۆمەڵەی یاریدەدەرانی کوردستان لە ١٨ی مایسی ١٩٣١ بە سەرۆکایەتی جەلال نووری، کە چەند چالاکییەکان ئەنجامداوە و، وەهاب ئاغا تێدا بەشدابووە[١]، بەڵام بەردەوام نەبوونی کاری ئەو کۆمەڵەیە و خراپی باری کەسییەتی ئەوکاتە و تەواونەکردنی خوێندن و توندوتیژی سیاسەتی حکومەتی عیراقی، دەبێتە هۆکاری ئەوەی ناوبراو لە کاری ڕێکخراوەیی دابرێت و بگەڕێتەوە ڕەواندز[٢]، بەڵام کاتێک پارتی هیوا لەسەر پاشماوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی دارکەر[٣]، پەرە بە ڕێکخستنەکانی خۆی دەدات و چالاکییەکانی بە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا بڵاودەبێتەوە. ڕەواندزیش وەکو یەکێک لە شارەکان ڕێکخستنەکانی ئەو پارتەی تێدا دادەمەزرێت، وەهاب ئاغا هەر زوو لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتییە ناودارەکانی ناوچەکە

پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی هیواوە دەکات و ڕۆڵی کارای لە ناوچەکەدا دەگێڕێت[٤].

شایەنی باسە، دوای گەڕانەوە مەلا مستەفای بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) بۆ ناوچەی بارزان ساڵی ١٩٤٣ و ڕێک نەکەوتنی لەگەڵ حکومەت. وای کرد بارزانی بکەوێتە بیری ئەوەی بەناو سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکەدا بگەرێت تا پاڵپشتی بۆ شۆڕش پەیدا بکات. لێرەشدا وەهاب ئاغا بە هۆی ئەو پەیوەندییە پتەوەی کە هەی بووە لەگەڵ بارزانی و جێگای متمانەی ناوبراو بووە، هاوڕێ لەگەڵیدا سەردانی ناوچەکان دەکات[٥]. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە وەهاب ئاغا بە هۆی دڵسۆزی بۆ خەباتی نیشتمانی و کەسایەتی مەلا مستەفای بارزانی لە کاتی دەستپێکردنی شۆڕش و هاتنی هێزێکی حکومەت بۆ ناوچەی دیانا و گردبوونەوەیان بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ناوچەی بارزان، شەو هێزێکی پازدە نەفەری بە سەرپەشتی ئەحمەد دیابی برای ڕەوانەی سەر ئەو هێزە دەکات و هێرش دەکەنە سەر هێزەکە و دەبێتە شەڕیان، ئیتر ئەو هێرش کردنە کاریگەریی زۆری دەبێت بۆ سەر گیانی سەربازانی هاتوو، کاتێک بۆ بەیانی لە ناو سوپاکە دەنگوباسی ئەوە بڵاودەبێتەوە سوپای بارزانی گەیشتۆتە ناوچەی دیانا[٦].

سەرکەوتنە یەک لە دوا یەکەکانی شۆڕشی بارزان، حکومەتی عیراقی دێنێتە سەر ئەو ڕایەی لە ڕێی نیشتمانپەروەرێکی وەک

وەهاب ئاغا دەرگای وتوێژ بکاتەوە، بەمەش ناوبراو ڕەوانەی لای بارزانی دەکات بەمەبەستی دەستپێکردنی دانووستان[٧].

لە ڕاستیدا، ئەگەرچی وەهاب ئاغا بەشداریکردنی پراکتیکی لە شۆڕشی (١٩٤٣- ١٩٤٥) بە شێوەیەکی بەر چاو دیار نییە و لە سەرچاوەکاندا شتێکی وا باس نەکراوە، بەڵام ناوبراو بەردەوام هاوکاری و هەماهەنگی شۆڕشی کردووە و یارمەتی و زانیاری دەربارەی جموجۆڵەکانی حکومەت بۆ بارزانی ڕەوانە کردووە، بە بەڵگەی ئەوەی مستەفا خۆشناو[٨] لە یەکێک لە نامەکانی کە زانیاری بۆ بارزانی ڕەوانە کردووە و نووسیویەتی:" **کاغزی وهاب اغاش تقدیم اکەم** "[٩]. هەروەها هەر ئەو پەیوەندی و یارمەتیدانەش وای کردووە دوای سەرنەکەوتنی شۆڕش، وەهاب ئاغا خۆی و یەکێک لە براکانی و هەندێک لە کەسە نزیکەکانی لەگەڵ بارزانییەکان لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ ئاودیوی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. بۆیە خانەوادەکەی تووشی گیروگرفت و لێپرسینەوە بووە لە لایەن حکومەتی عیراقییەوە[١٠].

وەهاب ئاغا بە گەیشتنی بۆ ئەو دیوی سنوور، سەرەتای ئەو ماوەیەی ڕۆژانە لەگەڵ بارزانی و هاوڕێکانی بە ژیانێکی خراپ لە ڕووی ئابووری و گاڵتە و قسەی خۆش بردۆتە سەر[١١]. تا ئەوەی بارزانی و هاوڕێکانی کەوتوونەتە بیری دامەزراندنی پارتێکی هاوشێوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران[١٢]. لێرەشدا سەبارەت بە ئامادەبوون و بەشداریکردنی وەهاب ئاغا

وەکو دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد لە سەرچاوەکاندا بیروڕای جیاواز بەدی دەکرێت. هەمزە عەبدوڵڵا لە دیمانەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: " **... سێ جەلسە دانیشتین نۆ کەس بووین ئەنوەر دڵسۆز ، وەهاب ئاغای جوندیانی، محەمەد مەحموود قودسی، مستەفا خۆشناو، میرحاج ئەحمەد، عەبدولڕەحمان موفتی، من و مەلا مستەفا بووین ... لەو سێ دانیشتنە باسی مەشروعی دامەزراندنی پارتیمان کرد و موافقەتمان لەسەر کرد، لیژنەکە ناوی هیچ نەبوو، لیژنەی مەرکەزی نەبوو. ئەمە هەیئەی تەئسیسی نەبوو بەس فکرەی تێدا تەرح کرابوو...**" [١٣]. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکە، بەکری حەوێزی[١٤] وەکو شایەدحاڵێک لە بارەی دامەزراندنی پارتییەوە دەڵێت:" **پاش شۆڕشی بارزان و دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و گۆڕانی زرووفی سیاسی لە دونیادا و بە تایبەتی لە ئێراندا، مەلا مستەفا بیری کردەوە کە جەماوەری کورد لە کوردستانی عێراقدا پێویستی بە پارتێکی سەربەخۆ هەیە. لەبەر ئەوە لە مانگی ١٩٤٦/٢ پارتی دیموکراتی کورد لە عێراقدا بە هاوکاری ئەم ئەفسەرو ئەهلییە تێکۆشەرانی خوارەوە دروست بوو: مەلا مستەفا، هەمزە عبداللە، ئەنوەر دڵسۆز، بەکر عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، نوری ئەحمەد تەها، محەمەد قودسی، عێززەت عەبدولعەزیز، خێروڵڵا عەبدولکەریم، جەلال ئەمین، محەمەد ساڵح ژاژەڵە، عەبدولڕەحمان نەقیب، میرحاج ئەحمەد، وەهاب محەمەد ئاغا و شێخ لەتیف شێخ مەحمود حەفید...**" [١٥]. هەروەها

کەسی دیکەش هەمان بیروڕاکەی حەویزی دووبارە دەکەنەوە[١٦]، کەچی نە کتێبەکەی مەسعود بارزانی و نە سەرچاوەکانی دیکە تایبەت بە مێژووی پارتی باسی ئەوە ناکەن، وەهاب ئاغا لە دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد بێت[١٧]. بۆ مەبەستی ساغکردنەوەی ئەو بابەتە لە دیمانەیەکدا دلاوەری برای وەهاب ئاغا هۆکاری باس نەکردنەکەی خستە ئەستۆی ئەوانەی مێژووی پارتیان نووسیوەتەوە، لەبەر ئەوەی وەهاب ئاغا خۆی باسی ئەوەی کردووە، لە دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی بووە، کەچی لە نووسینەوەی مێژووی ئەو پارتە ناوی ئەو فەرامۆشکراوە[١٨].

لێرەشدا بە وردبوونەوەمان لە زانیاری ناو سەرچاوەکانی تایبەت بە چۆنییەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد و دەستنیشانکردنی ناوی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، بینرا جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی، کە لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو پارتە نووسراوێکی فەرمی نەبووە تا ئاماژە بە ناوی بەشداربووانی بکات، دواتریش ماوەیەک بەسەر بابەتەکە ڕۆیشتووە ئینجا باسەکان نووسراونەتەوە، بۆیە بە شێوازی جیاواز باس لە ناوەکان کراوە. بەمەش دەتوانرێت بوترێت وەهاب ئاغاش لەبەر نزیکایەتی لە بارزانی و بوونی ئەوکاتەی لە ئاوارەیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەشداری دانیشتنەکانی کردووە، بەلام

ئەویش وەکو ئەوانەی دیکە ناوی باس نەکراوە و خراوەتە ژێر لێوانەوە.

وێستگەیەکی دیکەی خەباتی نیشتمانی وەهاب ئاغا لێرە دەستپێدەکات، کاتێک هێزی بارزانییەکان وەکو هێزێک لە سوپای کۆماری کوردستان دادەمەزرێن. وەهاب ئاغا لێرەوە وەکو کەسێکی سەربازی سەرکردایەتی هێزێکی پێدەسپێردێت لە ناوچەی ئاڵتونی سەروو[١٩]. لێرەشدا کاتێک شەڕێک لە ناوچەی قاراوە[٢٠] لە ٢٩ی نیسانی ١٩٤٦ ڕوودەدا[٢١]. وەهاب ئاغا هاوکار و هاوسەنگەر لەگەڵ هەر یەک لە میرحاج ئەحمەد، بەکر حەویزی، مستەفا خۆشناو، ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە، کە جێگای دڵخۆشی سەرکردایەتی کۆماری کوردستان بووە، هەر بۆیە لە لایەن خودی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ستادی تەواوی هێزی کوردستان جەعفەر کەریمی و حەمە ڕەشید خانی بانە[٢٢] فەرماندەی بەرزی هێزی بۆکان و ناوچەی سەرا سوپاس و پێزانینیان ئاراستە کراوە و پاداشت کراون[٢٣]، بەڵام لە بەرانبەر ئەو سوپاس گوزاری و پاداشتەدا وەهاب ئاغا لە وەڵامدا لە نامەیەکدا نووسیویەتی:".. **گەورەم فرمانتان گەیشت کە دائر بە تقدیراتی ئیمەیە گەورەم ایمە غیرە واجبی رسمی و وطنی چی زیادمان نەکردوە و ئەگەر هومومان گیانمان بەخش کەین لە ریگای ازادکردنی نتشمانی عزیز هیشتا کەمە و هەردەم امادەین بو فیداکردن لە ژیر قدمی مبارکی رئیس جمهوریتی**



هەزارنامەی کتێب

**خوشەویستمان و تاقە استیرەی همو کوردستان و زۆر سوپای ستاد کا دەکەین ... التونی سەرو سەرکردەی هیزی بارزانی**"[٢٤].

لە لایەکی دیکەوە هەر لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی هێزی بارزانییەکان لە شەڕی قاراوە بە فەرمانی سەرۆکایەتی کۆماری کوردستان پلەی سەربازی دەبەخشرێتە ژمارەیەکیان، کە لە ناویاندا وەهاب ئاغاش پلەی کاپتن وەردەگرێت[٢٥]. ئەوەش یەکەمین پلەی سەربازی ناوبراو بووە، کە لە ژیانیدا وەریگرتووە.

وەهاب ئاغا لە کاتی ئەرکە سەربازییەکەیدا، ڕۆژانە بە نامە زانیاری و هەواڵگری دەربارەی دوژمن بەسەرووی دەسەڵاتی خۆی گەیاندووە و لە بارەی ژیانی پێشمەرگەکانی ئاگاداری کردوونەتەوە[٢٦]، بەڵام دەبێت ئەوەش بووترێت نابراو گلەیی و داواکارییەکانی هێزەکە بە ڕاشکاوانە بە سەرووی خۆی گەیاندووە وەک لەم نامەیەی، کە بۆ حەمە ڕەشید خانی بانە فەرماندەی هێزی بۆکان و ناوچەی سەرا ناردوویەتی دەردەکەوێت:"

**گەورەم جنابی اغای محمد رشید خان**

**عرض‌و تقدیم**

**دەستان ماچ دەکەم و احوالی شریفتان دەپرسم و ایمەش باشین بلام گەورە ئەو ظلمە ی کە من لە دی التونی سەرو دەکەم تا ایستا عجم نەیکردوە ئەگەر وایە فرق لە بینی من و امنیە چیە؟ صد خوزگەم بە امنیە.**

**١-ئەم دیە ١٠ مالە چواریان دایکی هەتیون.**

هەورامانی کتێب

٢-لەو رۆژە و کە هاتومە ایرە اهالی ایرە نەماست نەدویان
نەخواردوە دیسان بەشی نیوەی قوەتم ناکات.
٣-پیاوەکانیان یان نان بو پوست دەبن یان دار دەشکینن یان لە
دیدا ایشی تریان پی دەکەم.
٤-ژنەکانیان یان نان دروست دەکەن یان چیشت لی دەنین.
٥-خانوەکانم خراپ کردن چند مال ایستا بی سکنا ماون.
٦-گویدرێژەکانیان دائم لە ایشن.
٧-حیوانیان نیە ١٠ شەکم لی ستاندون.
٨-هەر مالیک ١٥ نفرمان لی داناوە، جیگای صاحب مال نیە لی
دانیشی.
٩-نوینەکانیان داگیرکراون نوینیان نیە خویان پی بخەون.
١٠-منجەل و دیزەیان همو لای ایمەن نیانە چیشتیان تی بخون.
١١-موجودی ایمە ١٣٢ نفرە لە دیکی ١٠ مالی هژار گەورەم
وجدانم زۆر نارحتە حتی نانیش بە ڕاحتی ناخوم لەبەر اهو
نالەی اهالی پیرەژن و مندال و گەورە چوکە یعنی ئەو
نارحتیەی اهالی ئەم دیە تیدایە کسی تیدا نیە ئەگەر هەر نەبیت
امر بفرمون کە کاکە مصطفی تواو نقلی ملقرنی بکات بلکی ٦٠
نفریک لە سیداوا تامین بکم یان مساعدە بفرمون ٦٠ نفریک لە
التونی خوارو دابینم اتیر چارەیک نەفرمون اهالی بەشەو
دەکەونە کیوان و لە ژیر ئەو ظلمە رادەکەن.
بوی بەرسمی عرضم نەکردی چونکە نامەوی کس حسی ئەو
ظلمە بکات ایتر امر امری جنابی عالیتانە گەورەم.

هەولێرنامەی کێنز

**بچووکی مخلصتان**

**محمد اغا زاده"**[٢٧].

لێرەشدا تێبینی ئەوە دەکرێت، ئەگەرچی وەهاب ئاغا وەکو سەرکردەیەکی نیشتمانی هەستی بە بەشێک لە ئازار و مەینەتی میللەتەکەی کردووە و ئاگاداری سەرووی خۆی کردۆتەوە، کەچی نەسەرووی خۆی وەکو حەمە ڕەشید خان و نە سەرۆکایەتی کۆماری کوردستان بە تەنگ داواکاری و چاکتر کردنی باری خراپی خەڵکییەوە هاتوون و بابەتی لەو شێوەیان بە گرنگ نەزانیوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بە گرنگیان بزانیایە، ئەوە وەڵامی نامەکەیان دەدایەوە، یاخود هەوڵی چاکترکردنی باری پێشمەرگەکانیان دەدا، بە بەڵگەی ئەوەی دەبینین ئەو جۆرە داواکارییانە لە دواتریش هەر لەسەرکردایەتی کۆمار بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە بە بەردەوامی کراوە[٢٨]. هەروەها وەهاب ئاغا دوای گەڕانەوەی بۆ باشووری کوردستانیش لە کۆڕ و دانیشتنەکانی ئەو جۆرە گلەیانەی لە سەرکردایەتی کۆمار کردووە[٢٩]. بۆیە دەتوانرێت بوترێت ئەمە بەشێکە لە کەموکوڕییەکانی کۆماری کوردستان.

وەهاب ئاغا تا کۆتاییەکانی ژیانی کۆماری کوردستان لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت و لە وێدا دەمێنێتەوە، تا ئەوەی بارزانییەکان دەبن بە دوو بەش: بەشێکیان لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی (١٨٩٢-١٩٦٩) بڕیاری گەڕانەوە بۆ عیراق دەدەن[٣٠]، بەشەکەی دیکەش لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی بڕیاری ئەوە

دەدەن خۆیـان بەدەسـتەوە نـەدەن[٣١]. وەهـاب ئاغـاش لەبـەر تووشبوونی بە نەخۆشـی تیفۆئید کە زۆرێک لە پێشمەرگەکانی کۆمار تووشی هاتبوون، لە بارێکی خراپی تەندروستیدا دەبێت و بڕیاری ئەوە دەدات بگەڕێتەوە باشووری کوردستان. کاتێکیش دەگەڕێتـەوە، سـەرەتا لـە تەلبەندەکـەی دیانا لەگـەڵ هاوڕێکـانی دەستگیر دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی عیراقی بڕیاری لـە سـێدارەدانی بـە غیـابی بـۆ دەرکربـوو ڕاپێچـی بەندیخانـە دەکرێت[٣٢]. ئیدی بە دەستگیرکردنی وەهاب ئاغا قۆناغێکی نوێ لـە ژیـانی دەسـت پێـدەکات، کـە لـە تـەوەری داهـاتوو باسـی لێوەدەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی وەهاب ئاغا لە بەندیخانە و ئازادبوونی و شۆڕشی ئەیلوولدا

بەشداربوونی کوردی باشووری کوردستان لە کۆماری کوردستان، هەر لە سەرەتاوە حکومەتی عێراقی هەراسان کردبوو، هەر بۆیە بە غیابی سزای لە سێدارەدانی بۆ زۆر لە وانەی پلەی سەربازییان هەبوو و ناسراوبوون دەرکرد بوو[٣٣]. وەهاب ئاغاش وەکو کەسایەتییەکی ناسراو، کە ڕۆڵێکی کارای دەگێڕا و دۆستی نزیکی مەلا مستەفای بارزانی بوو، بەر ئەو بڕیارەی حکومەت کەوت، بۆیە هەر لەگەڵ گەڕانەوەیدا حکومەت بێ ئەوەی گوێ بە مافی مرۆڤ بدات و ڕەچاوی خراپی باری تەندروستی نابراو بکات، ڕاپێچی هۆڵەکانی زیندانی دەکات[٣٤].

وەهاب ئاغا لە زیندان هاوڕێ لەگەڵ هەر یەک لە حەمەد ئاغای مێرگەسۆری[٣٥]، ئەحمەدی مستی و شوان ئاغا[٣٦] دادەبێت. لێرەشدا لە کاتی بەندکردنیان یەکە و زنجیرێک دەکرێتە دەست و پێکانیان، ئەوەی وەهاب ئاغا لە هی هەموویان کێشەکەی قورستر دەبێت هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە" کە وەهاب ئاغا لە دوای ئازادبوونی گێڕاویەتییەوە:" **کاتێک ئاسنەکانیان هێنا ئێمە بڕیاری لە سێدارەدانمان بۆ دەرچوو بوو، هاوڕێکانم هەموویان لە ناو زنجیرەکان لە زنجیرێکی کێش سووک دەگەڕان، منیش دەستم کرد بە پێکەنین وتم بەیانی ئێمە لە سێدارەدەرێن ئێتر ئەوەی بۆ چییە، کەچی لە دواتر لە سێدارە نەدراین و من لەو**

**بارەیەوە زەرەرم کرد، تەنیا بۆ ئەوەی نەبێت قازانج بوو کە ڕۆژانە وەرزشم پێدەکرد"[٣٧].**

لە ڕاستیدا، وەهاب ئاغا سەرەتای ژیان و گوزەرانی لە بەندیخانە لە بارێکی خراپ دەروونی دادەبێت، تا ئەوەی بە هەوڵی سەعید قەزاز (١٩٠٣-١٩٥٩)[٣٨] ( موتەسەڕیفی ئەوکاتە مووسڵ)" دۆستی نزیکی محەمەد عەلی ئاغای باوکی وەهاب ئاغا هەوڵی ئەوە دەدرێت حوکمەکەی لە سێدارەدان بۆ هەتا هەتایی بگۆڕێت. بەمەش ناوبراو خۆی لە بەندیخانە سەردانیان دەکات بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە باری ژیانیان ئاگاداربێت[٣٩]. ئیتر لێرەوە بارەکە گۆڕانکاری تێدەکەوێت و وەهاب ئاغا دەست دەکاتەوە بەخەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی و قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری بۆ بەندییەکان[٤٠]. لەو بارەیەوە ئەحمەدی مستیٚ وەکو شایەدحالێک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، وەهاب ئاغا ڕۆژانە هاوڕێیانی لە بەندیخانە لە مێژووی گەلی کورد ئاگادار کردۆتەوە و بەهەستی کوردایەتی جۆشی داون و هیوای ئەوەی خواستووە، ڕۆژێک دابێت حکومەتی کوردستان دابمەزرێت[٤١]. هەروەها دلاوەری براشی دووپات ئەوە دەکاتەوە، چ لە ناردنی نامە بێت یان لە کاتی سەردانکردنی هەمیشە هانی داوە نەترسێت، چونکە دەبێت ڕۆژێکدا بێت گەلی کورد سەر بکەوێت[٤٢]. لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت ئەگەرچی وەهاب ئاغا لەوکاتەدا لە ناو چوار دیواری بەندیخانەدا بووە، کەچی هێشتاکە متمانەی بە

سەرکردایەتی و کێشەی نەتەوەکەی هەبووە، دەبێت ڕۆژێک گەلەکەی بەو ئاواتە بگات ، کە ڕزگار کردنی کوردستانە.

ماوەی مانەوەی وەهاب ئاغا لە بەندییەتی، نزیکەی شەش ساڵ دەخایەنێت، تا ئەوەی ساڵی ١٩٥٣ بەر بڕیارێکی لێخۆشبوون دەکەوێت و ئازاد دەکرێت، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکاری ئەوەی حکومەت چاودێری نەخاتە سەری و ئاگاداری کاری ڕۆژانەی نەبێت[٤٣]. ئیتر بە ئازادبوونی و گەڕانەوەی وەهاب ئاغا بۆ گوندی بێشووک لەماڵی خۆی دادەنیشێت، زۆربەی کاتی ڕۆژانەی بە پێشوازیکردن لە خەڵکی و دانیشتن لە دیوەخانەکەی و دەمەتەقێ و گێڕانەوەی ڕۆژانی سەردەمی کۆماری کوردستان و باسکردنی مێژووی خەباتی نیشتمانی میللەتان بە گشتی و، میللەتی کورد بە تایبەتی بەسەر بردووە[٤٤].

سەرچاوەکان دەربارەی بەشداربوونەوەی وەهاب ئاغا لە ناو ڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ئازاد بوونی، بیروڕای جیاواز دەدەن بە دەستەوە، کاتێک دەبینین یەکێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:"... **کە گەڕایەوە لە زیندان لە ژێر چاوەدێری بووە دیسان هەر پارتی بووەو بە نهێنێ و کار و چالاکی ئەنجامداوە و هیچ کارێک لە سنووری رواندز ئەنجام نەدراوە بە بێ ئاگاداری ئەو**"[٤٥]. کەچی سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:" **دوای ئازاد بوونی پەیوەندی بە حزب نەکردووە (مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستانە- توێژەر)، بەڵکو بەکاروباری کەسییەتی خۆیەوە**

**خەریک بووە** "[٤٦]. لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت بیروڕای یەکەم لە ڕاستی نزیکترە، ئەگەر بزانین زۆرێک لەو نامیلکە و بەیاننامانەی کە بەشی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕەواندز دەریان کردووە و بۆ وەهاب ئاغایان ناردووە[٤٧]، بۆیە ڕێ تێدەچێت پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە هەبوو بێت، بەڵام لەبەر چاودێریکردنی حکومەت ئەو پەیوەندییە بە ئاشکرا نەبووە.

شایەنی باسە، هەر دوای ئازادبوونی وەهاب ئاغا لەسەر داواکاری خەڵکی ناوچەی ڕەواندز و دەرووبەری خۆی بۆ ئەندامییەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق لە ساڵی ١٩٥٤دا دەپاڵێوێت، بەڵام کاتێک ئەو خۆپاڵاوتنە لەگەڵ سیاسەتی حکومەت یەک ناگرێتەوە، بۆیە بانگێشتی بەغدا دەکرێت و زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدرێت بۆ ئەوەی دەست لە پاڵاوتنەکەی خۆی هەڵبگرێت، کەچی وەهاب ئاغا سوور دەبێت لەسەر خۆپاڵاوتنی بۆ ئەوەی کەسایەتی خۆی بسەلمێنێت[٤٨]، ئەوە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە یەکێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خەڵکی ناوچەکە داوایان لە وەهاب ئاغا کردووە، بۆ ئەوەی خۆی بپاوڵێوێت بۆ ئەندامییەتی ئەنجوومەنی نوێنەران، کەچی قبولی نەکردووە[٤٩]. بەڵام ڕاستییەکەی حکومەت حەزی نەکردووە نەک وەهاب ئاغا، لەبەر ئەوەی لە دواتردا حکومەت ناچار بووە پاڵێوراوەکانی خۆی دابنێت و بە زۆر بیان سەپێنێت[٥٠].

بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨و گۆڕینی ڕژێمی پاشایەتی بۆ کۆماری، جۆرێک لە گۆڕانکاری لە سیاسەتی

حکومەتی ناوەندی بەرانبەر بە کورد لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئیتر هەر لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە بوو حکومەت ڕێگایدا بە مەلا مستەفای بارزانی و هاوەڵانی لە ئاوارەیی یەکتێی سۆڤیت بگەڕێنەوە[٥١]. لێرەشدا وەهاب ئاغا وەکو کەسێکی نزیک و دۆستی بارزانی سەردانی بەغدا دەکات بەمەبەستی بەخێرهێنانەوەی[٥٢]، بەڵام ئەوە نابێتە دواهەمین سەردانی بۆ بەغدا، بە تایبەت دوای ئەوەی نێوان بارزانی و سەرۆک کۆمار گرژی تێدەکەوێت و وەهاب ئاغاش لەسەر داواکاری بارزانی هاوڕێ لەگەڵ هەندێک لە براکانی و چەند چەکدارێک بەمەبەستی پاسەوانی دەچێتەوە بەغدا و هاوڕێ لەگەڵیدا دەمێنێتەوە تا دوا جار بارزانی بڕیاری گەڕانەوە دەدات و بە یەکجار لە مارتی ١٩٦١ بەغدا بەجێ دەهێڵێت[٥٣].

ماوەی نێوان گەڕانەوەی بارزانی لە بەغدا تا هەڵگیرسانی شۆڕش لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١، وەهاب ئاغا (جگە لەو سەردانانەی بۆ لای بارزانی ئەنجامی داون) لە گوندی بێشووک بە کاروباری تایبەتییەوە خەریک بووە، بەڵام کاتێک شۆڕش دەپەرێتەوە بەری ناوچەکانی سۆران و باڵەکایەتی، بۆتە جێگای متمانەی سەرکردایەتی شۆڕش، هەر بۆیە سەرچاوەیەک لە بارەیەوە دەڵێت:" **لێرەدا نابێت ئەوەشم لە یاد بچێت باسی بکەم کە بەشێکی کەمی خەڵکی خێڵەکانی ناوچەی باڵەک وەک تاخمەکەی مستەفا ئاغای وەلاش و چەند کەسێکی تریان ئەوەیان بە باشتر زانیبوو بچنە پاڵ حکوومەت ،.... بەرامبەر بەمانە لە**

**ناوچەی باڵەک و ڕەواندز کە سانێکیش هەبوون پشت بەستراوی نێزیکی بارزانی بوون و ڕۆڵی نیشتمانپەروەرانەیی بەرچاویان هەبوو وەک شێخ عەبدوڵڵا کەمالی زادە لە گوندی زنیوێ و عەبدولوەهاب محەمەد عەلی لە گوندی بێشووکی نێزیک ڕەواندز"[٥٤].**

جێگای ئاماژە بۆ کردنە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە و بڵاوبوونەوەی شۆڕش بە زۆربەی ناوچەکان، حکومەتی هێنایەوە سەر بیروڕای گفتوگۆ کردن و دانوستان، ئەمجارەشیان عەمید مەحموود عەبدولڕەزاق فەرماندەی فیرقەی دوو بە کارەکە هەڵدەستێت و وەهاب ئاغا ڕادەسپێرێتو نامەیەک بۆ بارزانی دەنێرێت تێدا، دەنووسێت:

**"خاوەن سەروەری مەلا مستەفای بارزانیی بەڕێز**

**حەزکردن بە گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ باکور( مەبەستی ناوچەکانی کوردستانە- تویژەر) خواستی هەموو دڵسۆزێکە بۆ وڵاتەکەی لەبەر ئەوە بڕیارم داوە کە لەو شوێنەو کاتەی خۆت بڕیاریان لەسەر دەدەیت لەگەڵت کۆبمەوە بەمەرجێک لە ناوچەی شەڕ دوور بێت و بە ئامادەبوونی وەهاب ئاغای کوڕی محەمەد عەلی ئاغا... ئەو پەڕی ڕێزم قبوڵ بفەرموون.**

**زەعیم مەحموود عەبدوڕەزاق**

**فەرماندەی فیرقەی دووەم**

**١٩٦٢/٧/٦" [٥٥].**

لێرەدا لە دوای هێنانی ئەو نامەیە، وەهاب ئاغا لەگەڵ ژمارەیەک لە برا و خزمەکانی دەچێتە بەغدا، بەمەبەستی دیدار و چاوپێکەوتنی گەورە بەرپرسانی حکومەت، بۆ ئەوەی دەربارەی دەستپێکردنی وادەی گفتوگۆ قسە بکەن، کەچی لە گەڕانەوەیدا لە لایەن فەرماندەی فیرقەی دووەم پێ ڕادەگەیەنرێت دەبێت لە هەولێر وەکو دەست بەسەر بمێنێتەوە[٥٦]. لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت نزیکایەتی وەهاب ئاغا لە بارزانی و ڕۆڵ و پاڵپشتی بۆ شۆڕش لە ناوچەکەهانی دەسەڵاتدارانی حکومەتی داوە، لە هەولێر دەست بەسەری بکەن، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت پاڵپشتییەک و هاوکارییەک لە شۆڕش کەم بکەنەوە.

شیاوی باسە، زۆرێک لەو سەرچاوانەی کە دەربارەی وەهاب ئاغا نووسیویانە یاخود قەسەیان کردووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە لەگەڵ سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٦١ لە هەولێر دەست بەسەر کراوە، بەڵام بە گەڕانەوەمان بۆ کتێبەکەی مەسعود بارزانی، کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، دەرکەوت وەهاب ئاغا لە سەرەتا دەستپێکردنی شۆڕش یەکێک بووە لەو کەسانەی پاڵپشتی بە هێزی شۆڕش بووە. بۆیە ڕەنگە ئەو سەرچاوانە کەوتبنە هەڵەوە، چونکە حکومەت لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشەوە هەوڵی ئاشتی نەداوە تا هانا بباتە بەر وەهاب ئاغا و دەست بەسەری بکات، بەڵکو دوای زنجیرەیەک سەرکەوتنی شۆڕش حکومەت بڕیاری گەڕانەوە بۆ دانوستانی داوە و وەهاب ئاغای بۆ ئەو کارە ڕاسپاردووە، کاتێکیش

هەوڵەکـە بـە بـێ هـیچ هۆکـاریێکی نـەزانرا و شکسـتی هێنـاوە، ناوبراویـان بـە دەسـت بەسـەر لـە هـەولێر هێشـتۆتەوە. کـەواتـە وەهـاب ئاغـا سـاڵی ١٩٦١ دەسـت بەسـەر نـەبوو، بـەڵکو لـە تەمموزی ١٩٦٢ بە دواوە دەست بەسەر بووە.

وەهـاب ئاغا مـاوەی دەسـت بەسـەری لـە هـەولێر لـە ئوتێـل سیروان بەسەر دەبات، تا ئەوەی بەعسییەکان لە شوباتی ١٩٦٣ کودەتایان ئەنجامدا و بۆ یەکەمین جار هاتنە سەر حوکم. ئیتر لێرەوە دەروازەیـەک بـۆ گفتوگـۆ لـە نێـوان شـۆڕش و حکومـەت کرایەوە[٥٧]. وەهاب ئاغاش لەو دەست بەسەرییە ئازادی دەبێت و دەگەڕێتەوە ڕەواندز، بەڵام هەر لەگەڵ گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی دەکاتەوە بە سەرکردایەتی شۆڕش و ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە ڕاکێشانی خەڵکی ناوچەکە، هەر ئەوەش وادەکات لە دوای دووبارە دەستپێکردنەوەی شەڕ هێزێکی چەکدار لە برا و خزمەکانی پێک بهێنێت و خۆشی دەبێتە سەر لقی ئەو هێزە و ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت[٥٨].

دوو کـەرتبوونی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کوردسـتان و جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە دوای کۆنگرەی ماوەت لە ساڵی ١٩٦٤[٥٩]. بارزانی هێنایە سەر بیری ئەوەی جۆرێک لە ڕێکخستن بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش ئـەنجام بـدات، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش چەنـد کۆبوونەوەیـەک بـۆ پێکـەوەنانی ئەنجوومـەنێک سـاز کـرا، کـە زۆرێـک لـە چـین و توێژەکـان لـە خۆیدا کۆبکاتـەوە، ئیتـر پـاش قسـەکردن لەسـەر

بابەتەکە و تاوتوێکردنی، لە سەرەتاکانی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ بڕیاری پێکەوەنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەدرا[٦٠]. وەهاب ئاغا تێدا دەبێتە ئەندام. هەروەها کاتێکیش لە نێو ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارەیەکی دیکە هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی، وەهاب ئاغا بۆ مەکتەبی تەنفیزیش هەڵدەبژێردرێت[٦١]. لێرەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین دوای بوونی بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی، وەهاب ئاغا خەریکی کار ڕاپەراندن و ئەرکی تایبەتی خۆی دەبێت، ئەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشدا دەبێتە هاوکاری زۆربەی ئەوانەی بەندکراون و بڕیاری ئازادبوونیان لە لای بارزانی بۆ وەردەگرێت[٦٢].

سەبارەت بە دوا ساتەکانی ژیانی وەهاب ئاغا و کارکردنی لە ناو شۆڕشدا، زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ نیگەرانی ناوبراو لە بەرانبەر سەرکردایەتی شۆڕشدا دەکەن، بە بەڵگەی ئەوەی گوایە دەست لە کار کێشانەوەی خۆی لە ساڵی ١٩٧٠دا پێشکەش بە سەرکردایەتی شۆڕش کردووە و خۆی بە خانەشینکراو نێو بردووە[٦٣]. ئیتر بە تێڕامان و پرسیارکردنمان دەربارەی ئەو بابەتە بیروڕای جیاواز باسکران. هەندێک لە سەرچاوەکان بە تەواوەتی بوونی ئەو نیگەرانییە لە سەرکردایەتی شۆڕش بە گشتی و مەلا مستەفای بارزانی بەتایبەتی ڕەت دەکەنەوە[٦٤]. کەچی هەندێکی دیکە تەنیا چوار

دەوری بارزانی لێ تاوانبار دەکەن بە بەڵگەی ئەوەی بارزانی دەست لە کار کێشانەوەکەی لێ قبول نەکردووە[٦٥]. ئەنجام دەتوانرێت بوترێت ڕەنگە وەهاب ئاغا جۆرێک لە گلەیی هەبووبێت، بەڵام ئەو گلەییانەی بۆ پێشخستن و چاکترکردنی باری ناوخۆی سەرکردایەتی شۆڕش بووە، هەر بۆیەش تا لە ژیان ماوە لەبەر خۆشەویستی بۆ بارزانی گلەییەکانی ڕاستەوخۆ ئاراستە نەکردووە، بەڵکو لە کاغەزێک نووسیویەتی و هەڵی گرتووە، تا ئەوەی لە ٦ی شوباتی ١٩٧٢ کۆچی کردووە و تازیمانەکەی کۆتایی هاتووە، ئازادی کوڕە گەورەی لە سەردانێکیان بۆ لای بارزانی دەقی نامەکەی خستۆتە بەردەم مەلا مستەفای بارزانییەوە و ئەویش ستایشی خەبات و کەسایەتی وەهاب ئاغای بۆ شۆڕش دووپات کردتۆتەوە[٦٦].

هەوڵنامەی کتێب

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

(١) شاکر فەتاح، ئاوێنەی ژینم یاداشتەکانی شاکر فەتاح، ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٣١؛ ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦.

(٢) دیمانەیەک لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغا، هەولێر، بە مێژووی ١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٥.

(٣) د. موکەڕەم تاڵەبانی، کۆمەڵەی دارکەر و پارتی هیوا چۆن دامەزران؟!!، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە(٥٢)، بەغدا، ١٩٩٣، ل١٨.

(٤) طارق جامباز، حزبی هیوا لە لیوای هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٨٧؛ زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧دا، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ، ل ٨٣.

